**ئەم رووداوەی باسی دەكەم رووداوێكی راستەقینەیە پێش ماوەیەك لە شاری بەغدا روویداوە لەبەر ئەوە بەچاكم زانی وەریگێڕمە سەر زمانی كوردی.**

**ئەمیر داود**

لە ناوچەی دۆرە لە بەغدا

# باوكێك دەستدرێژی سێكسی دەكاتە سەر دوو كچی خۆی

**شتێكی دوورە لە واقیع كە باوكێك ببێتە بەرازێك پەلاماری سێكسی كچی خۆی بدات، ئەمە شتێكە دوور لە سنووری مەنتیقە و بەمێشكی كەسدا ناچێت، لەبەرئەوەی ئەم رووداوە زۆر لەو وەسفە زیاتر هەڵدەگرێ كە وتمان بۆیە باسەكەی بروسكە ئاسا بڵاوبۆیەوە و بووە وێردی سەر زمانان لە زۆر ناوچەدا لە ناوچەی (دۆرە) ئەم باوكە بەرازەی كە ناوی (ع. ع. ع) دەستدرێژی سێكسی كردە سەر كچەكانی خۆی. ئەم رووداوە لەلایەن هەردوو كچەكەی و خێزانەكەیەوە تەئكیدی لەسەركراوە، لە رۆژی ١٥/٣/٢٠٠٢دا ئەم تاوانبارە بەئامادەبوونی جەماوەرێكی زۆر هێنرایە ناوچەی (مەهدییە) . لە بەغدا لەژێر پردی ئەم ناوچەیە تاكو بەسزای عادیلانەی خۆی بگەیەنرێت بەڵام لەبەر چەند هۆیەكی نادیار پیاوانی پۆلیس تاوانباریان دووبارە گێڕایەوە زیندان.**

دوای گەڕانێكی زۆر بەدوای سەرچاوەوە هیلاكییەكی زۆرمان چێشت تا گەیشتینە راستی ئێمە چووبووین بۆ ئەوەی بزانین تا چەند ئەو قسانەی خەڵكی دەیكەن راستە. لە دەرگای كردەوە، پێمان وت ئێمە رۆژنامەنووسین هاتووین راستییەكە بەخەڵكی رابگەینین، ئینجا وتی:

- چیتان دەوێ!

□ وتمان خەڵكانێك كچەكانت تاونبار دەكەن بەوەی كە قسەكانیان راست نییە؟

- دەم و چاوی بەخێرایی گۆڕا وتی: (كوڕەكەم ئەوە بەڵایەكە بەسەرمان هاتووە) .

□ لێرە داوامان لێكرد بچینە ژوورەوە بەڵكو هەندێك شتمان لە زاری ئەو گوێ لێبێت دوای ئەوەی كە قسەیەكی زۆرمان بیستبوو لە دەر و دراوسێكانیان كە هەریەكەیان بەجۆرێك باسی شەو كێشەیەی دەكرد. . چووینە ژوورەوە دەمانویست ئەم رووداوە بەتەواوی بزانین لە سەرەتا لە ناویمان پرسی لە وەڵامدا وتی:

- دایكی مریم

□ لێرەوە زانیمان یەكێك لە قوربانییەكان ناوی مریمە ئەوی تریان ناوی (ĂÇÑĐÚ) ە، پێمان وت باسی ئەم كارەساتەمان بۆ بكات لەگەڵ ئەوەش هێنامانە دواندن وتی:

- نازانم لە چ رۆژێك بوو بەڵام پێش ساڵێكی تەواو باوكم كۆچی كرد منیش چووم بۆ تازییەی دوای گەڕانەوەم، كچەكانم وتیان باوكمان لێمانی داوە، پێمیان نەوت لەسەر چ لێمانی داوە بەڵام ئەوەی من زانیم هەڕەشەی لێكردبوون و وتبووی دەتان كوژم ماڵتان بەسەر خراپ دەكەم و دەتان سووتێنم ئەم شتەش زۆر جار دووبارە بۆوە زۆر جار جێگای لێدان لەسەر هەموو لەشیان دیاربوو. هێشتا دایكی مریم لە قسەكانی بەردەوام بوو، وتی (ع) داوای لێكردم بچم بۆ هەندێ شوێن كە دوور بوو لە (دۆرە) بۆ كڕینی هەندێ شتومەك.

□ پاش تەواوبوونی قسەكانی دایكی مریم لێم پرسی: كەی زانیت كەوا پیاوەكەت ئەو كارانە دەكات لەگەڵ كچەكانت و كچەكانی؟

- لە دووەم رۆژی جەژنی قوربانی پێشوو كچەكەم بۆ گێڕامەوە كەوا زگی هەیە ئێستا زگەكەی لە شەش مانگان دایە پاش پشكنینی پزیشكی دەرچوو ئێستا زگەكەی لە حەوت مانگی دایە.

□ مێردەكەت چ ئیش دەكات

- نائب زابتە لە سوپا (رایكردوو لە خزمەتی سەربازی) لە موالیدی ١٩٥٤ ە ناوی تەواوی (ع. ع. ع) ، دەڵێ من موسڵمانم و نوێژ دەكات...!!

□ پێمان وت پێمان بڵێ چیت كرد كاتێك كێشەكەت زانی.

- زۆر بەغەمبارییەوە وتی: چوومە لای براكەم چونكە نەمدەزانی چ بكەم، كارەساتەكەم بۆ برایەكەم گێڕایەوە ئەویش وتی تەنها یاسا چارەسەركەرە.

* باشە ئەو خەفەتە كە تووشت هات بیرت نەكردەوە كەوا بیكوژیت.

- دوای بێدەنگی و لەسەرەخۆوە وتی: من لەو (٩) منداڵم هەیە چۆن بیر لە کوشتنی دەکەمەوە...!!

□ پاشان دەبووایە گوێ لە قسەکانی مریەم بگرین کە لە نزیکی دایکی دانشتبوو وتی:

- من حەوت مانگە زگم لە باوکم هەیە...!؟

□ وتمانە مریم بۆمان باس بکە یەکەم جار باوکت چی لەگەڵکردی!؟

- لە وەڵامدا وتی: یەکەم جار داوای لێکردم ئاوی بۆ بێنم چوومە مەتبەخ بۆ ئەوەی گلاسی بۆ بێنم دیتم لە دوامەوەیە (رووداوەکە) پاشان لە کچێتی خستم!! ئەوە پێش ساڵێك روویدا پاش ئەوەی دایکم چووبووە تازیەی باپیرم.

□ پێم وت باشە نەت دەتوانی رێگای لیێ بگری؟

- وتی زۆرم هەوڵم دا لیی پاڕامەوە پێم وت دەست و قاچت ماچ دەکەم لێمگەڕێ. بەڵام گوێی نەدامێ... مریم بەردەوام بوو لە قسەکانی هەر لەو کاتە خوشکەکەمŬ ئێمەی بینی داوای لەویش کرد کە ئەو ئیشەی لەگەڵ بکات، دوای ماوەیەك وامان لێهات یەك دەچووینە ژوورەوە لەگەڵی بۆ سەر جێگا یەکیشمان پاسەوانیمان دەکرد.. !

□ پاشان داوام کرد کە ĂÇŇĐŬ بۆمان باس بکات بزانین چییان بەسەر هاتووە؟ وتی:

- یەکەم جار بەرێکەوت بینیم هەرگیز بڕوام نەکرد لە جێگای خۆم وەستام! بەڵام بەتوندی دەستی راکێشام بۆ ئەوەی لەگەڵ منیش (....) بکات، تا وای لێهات هەر جارێ یەکێکمان لەلای بووین، پێشی وتین نابێت کەس بەوە بزانێت.. !!

□ ĂÇŇĐŬ پلەی خوێندنت چییە؟

- من و خوشکەکەم هەردووکمان مواليد ١٩٨٥ چونکە دووانە (جمك) ین تا پۆلی چوارەمی سەرەتاییمان خوێندووە پاشان خوێندنمان بەجێهێشتووە.

**سەرچاوە گۆڤاری عشتاری عێراقی**

**ژمارە ٣٧ی ئازاری ٢٠٠٢**

amirdawod@yahoo.com

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.........  ١٥-١-٢٠٠٣